کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-10-2007 20:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**لۆبی کوردی، بابەتێک بۆ گفتوگۆ ... ئیدریس سابیر**

8 ی ئۆکتۆبەری 2007 - ئۆسلۆ

لۆبی ووشەیەکی ئینگلیزییە، بەمانای هۆڵی چاوەڕوانیی (بۆ نمونە پێش چوونە ژوورەوەی پارلەمان یان شانۆ) بەکاردێت، لەبواری ڕامیاریشدا لۆبی کۆمەڵێك یان ئەو کەسایەتی و گروپ و ڕێکخراوانەیە، کە کاریگەرییان هەیە لەسەر دەسەڵاتداران و سەرچاوەی بڕیار، لەپێناو هاندانیان بۆ پشتگیریکردن لە بەرژەوەندی وولاتێکی دیکە یان لایەنێکی تر و بابەتێکی دیاریکراو.

سەرهەڵدانی لۆبی لەمێژووی نوێدا ئەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1938 ز، ئەو کاتە بەپێی بڕیارێکی نوێ، حکومەتی ئەمریکی ڕێگەیدا بە چالاکی ڕامیاری و ڕاگەیاندن بۆ بەرژەوەندی وولاتی دەرەکی و لایەنی بێگانە، بەمەرجێك ئەو ڕێکخراو و گروپانە خۆیان ناونوس کردبێت و بەشێوەیەکی یاسایی مۆڵەتی دامەزراندنیان وەرگرتبێت.

بەهۆی بارودۆخی گونجاوی وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، گروپەکان بەشێوەیەکی بەرچاو پەرەیان سەند و تا لەساڵی 2005 دا ژمارەیان گەیشتە 34785 ڕێکخراو، هەروەها جێی ئاماژەپێکردنە کە بودجەی تەرخانکراو لەلایەن حکومەتی ئەمریکییەوە بۆ ئەو گروپ و ڕێکخراوانە تەنها لەساڵی 2004 دا بڕی 2، 1 ملیار دۆلار بووە.

بەو پێیە ژمارەیەکی زۆر ڕێکخراو و گروپ دروست بوون، ئەوانەش چەندین لۆبی جیاوازیان لێکەوتەوە، لۆبی یۆنانی دژ بە هاوکاری سەربازی نێوان ئەمریکا-تورکیا تێکۆشا و هەروەها لۆبی ئەرمەنیش بۆ تاوانبارکردنی تورکیا بە کۆمەڵکوژی ئەرمەنییەکان و چەندین لۆبی دیکەش سەریانهەڵدا.

هەروەها لەپێناو پاڵپشتیکردنی بەرژەوەندییەکانی جولەکە لەجیهاندا و گرێبەستی پەیوەندییەکی ستراتیژی ئەمریکا - ئیسرائیل و هاوکاری هەمەلایەنەی نێوانیان، لۆبی جولەکە دەورێکی کاریگەری گێڕا.

(پول فندلی) ئەندامی پێشووی کۆنگرێسی ئەمریکی لە پەرتوکی (کێ ئەوێرێت بدوێت؟!)، بەهێزیی لۆبی جولەکە بەشێوەیەکی سەیر باس دەکات! نوسیویەتی: جار وابووە ئیسرائیل ناڕەزایی بەرامبەر هەڵوێستێکی ئەمریکی دەربڕیوە کە لەدەزگایەکدا هێشتا ڕەشنووس بووە!

هەروەها بەهاوکاری ڕێکخراوە مرۆڤدۆستەکانی جیهانی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، جولەکە خۆشیان دەورێکی گرنگیان بینی لە بەجیهانیکردنی هۆلۆکۆست دا، کە تیایدا نزیکەی 6 ملیۆن جولەکە بوونە قوربانی سیاسەتی ڕەگەزپەرستی نازییەکانی ئەڵمانیا لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان 27ی مانگی یەنوەری بەفەرمی وەك ساڵیادی هۆلۆکۆست و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی ناساندووە.

لە (پرۆتۆکۆڵی دەسەڵاتدارانی زایۆنی) دا کە بۆ یەکەمین جار لەرۆژنامەی زنامیا لەشاری (سانتبوترسبێرگ) لەسەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕوسی لەساڵی 1903 بلاو کرایەوە، دەردەکەوێت کە لۆبی جولەکە وەك ڕێکخراوێکی فراوانی نهێنی باکگراونێکی مێژویی قوڵی هەیە، کەلەپێناو زاڵبوونیان لە جیهاندا گرنگیان داوە بە بلاوکردنەوەی بیری لیبرالیزم و دەسەڵاتی ئابووری و کاریگەری لەسەر مێدیا.

ئەگەر لێپێچەرەوەیەکی سیاسی چاو بەگۆڕانکارییەکانی جیهاندا بگێڕێت لەپاش بلاوبوونەوەی پرۆتۆکۆلاتی ناوبراو، دەردەکەوێت کە لۆبی جولەکە لەپێناو کاریگەریی دروستکردن نەك تەنها لەسەر وولاتێك یان ناوچەیەك بەڵکو لەسەر سیاسەتی نێودەوڵەتیش، ئەوان چەند کارامە و یەکگرتوو وەك تۆڕێکی جیهانی ژیرانە دەیان ساڵە کاردەکەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

شایەنی باسە بەپێی لێکۆڵینەوەیەك كە لەلایەن (جۆن میرشیمیر) مامۆستای زانستی ڕامیاری لەزانكۆی شیكاغۆ و (ستیفین والت) مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان لە زانكۆی هارڤەرد ئامادەكراوە و لەناوەڕاستی مانگی مارسی 2006 بڵاوكراوەتەوە، دەردەكەوێت كە وولاتە یەكگرووەكانی ئەمریكا لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بەبڕی 140 بلیۆن دۆلار كۆمەكی ماڵی پێشكەش بە ئیسرائیل كردووە، هەروەها لەساڵی 1992 ەوە 32 جار لەئەنجومەنی ئاسایش ئەمریكا مافی ڤیتۆی بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل بەكارهێناوە.

هەربەهۆی كاریگەریی لۆبی جولەكەشەوە حكومەتی ئەمریكی پەكی چەندین هەوڵی وولاتە عەرەبییەكانی خستووە كە تێكۆشاون توانای ئەتۆمی ئیسرائیل بخەنە ژێر چاودێری دامەزراوەی ووزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتییەوە.

گەشەسەندنی لۆبی لە هەر وولاتێكدا بەندە بە بارودۆخی سیاسی و هۆشیاری ئەو گروپ و لایەنەی دەیەوێت وەك لۆبی یان بۆ پێگەیشتنی كار بكەن، هەروەها بەرنامەداڕێژیی بەپێی بنەمایەكی زانستی مەرجێكی تری دیكەی گرنگە. هەر بەو پێوەرە كاركردنی لۆبی لە ئەمریكا یان لە وولاتانی ئەوروپی و دیموكراتییەكانی جیهاندا ئاسانترە وەك لە هەندێك وولاتانی دیكە، كە بەپێچەوانەوە دوور نییە لە هەندێك وولاتیشدا وەك كاری سیخوڕی و نایاسایی یان تابوری پێنجەم مامەڵەیان لەگەڵدا بكرێن.

هەروەها هاوكات لە بارودۆخێكی گونجاویشدا بەبێ بوونی كەرەسەی مرۆیی و پلان و پاڵپشتی ئابووری و ڕاگەیاندن و دابینكردنی پێداویستییەكانی، گەشەكردنی لۆبی كارێكی مەحاڵە.

هەرچەندە دەكرێت لۆبی هەندێك گروپ و ڕێكخراوی دیاریكراو بەڕێوەی ببەن، بەڵام دەشگونجێت لۆبی كاریگەریی ناوەرۆكی لە سەر بڕیاری وولاتێك یان دەزگایەك هەبێت دوور لەهەڵای ڕاگەیاندن و خۆئاشكراكردن، ئەوەتا لەگەڵ ئەو هەموو كاریگەرییەی لۆبی جولەكە لەجیهاندا بەگشتی و لەئەمریكادا بەتایبەتی هەیەتی، كەچی ئێستاش خۆیان حاشا لە دروستی پرۆتۆكۆلی ناوبراو دەكەن و بەپروپاگەندەی شیوعییەكان ناوزەند دەكەن.

لۆبی جولەكە لە ئەمریكا و وولاتانی دیكەی جیهاندا لەژێر چەندین ناونیشانی جیاجیادا كار دەكەن، هەربۆیە هەتا بۆم كرابێت لەم نوسینەدا لەپاڵ ووشەی لۆبی خۆم لە ووشەی دامەزراندن پاراستووە، لۆبی ڕاستەقینە و كاریگەر مەرج نییە تەنها بە دامەزراندنی دەزگایەك یان ڕێكخراوێك لەدایك بێت، وەك ووتمان دەبێت هاوكات لەگەڵ ڕێكخستنی تواناكان، دەبێت كەرەسەكانی پێگەیشتنی لۆبی دابین بكرێت و زەمینەی گەشەكردنی خۆشبكرێت.

هەروەها مەرج نییە لۆبی بەقازانجی وولاتێك یان نەتەوەیە تەنها لە خەڵكانی ئەو وولاتە یان ئەو نەتەوەیە پێك هاتبێت، بەڵكو گرنگ ئەوەیە بۆ بەرژەوەندی ئەو لایەنە كاربكات، ئەوەتا چەندین كەسایەتی و دەوڵەت پاڵپشتی لە بەرژەوەندی جولەكەو مافی فەلەستینییەكان و گەلی بۆرما و چەندین بابەتی جیاواز دەكەن بەبێ ئەوەی هاوڕەگەزی یەكدی بن، بەڵام گرنگیشە بۆ وولاتێك، نەتەوەیەك یان بابەتێكی دیاریكراو، كە سەرەتا خاوەن مەسەلەكان خۆیان هۆشیارانە تێبكۆشن، هەتا وولات و لایەنی تریش بەهانایانەوە بێن.

هەتا كوردیش بە چەكی بیر و باوەڕ و یەكێتی نەتەوەیی و یەكگرتن و زانست خۆی ڕێكنەخات، لۆبی كوردی لەمنداڵدانی هیچ نەتەوەیەكی ترەوە لەدایك نابێت.

لوبنانیەكان لە ئەمریكا و فەلەستینیش لە هەندێك وولاتی ئەوروپی و لۆبی عەرەبیش بەگشتی، لەبواری ڕاگەیاندن و ئابووری و خوێندندا، كاری زۆریان ئەنجامداوە، بەڵام بەهۆی بارودۆخی نالەبار و

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

فەسادی سیاسی لە وولاتەکانیاندا، بەشێکی زۆر لەو کارانە بە هەدەر چوون، هەر بۆیە پێم وایە دەبێت لە خۆسازمانماندا نەك تەنها لە ئەزموونە سەرکەوتووەکان بەڵکو لە ئەوانی دیکەش سوود وەربگرین.
گەندەڵیی سیاسی لەوولات و ملاملانێی حیزبایەتیش لەدەرەوە پێکەوە بەرەی دژە لۆبی کوردین، وە هەتا حیزب و لایەندارێتی دیکەمان نەکەینە قوربانی بەرژەوەندی باڵای نەتەوەییمان، لۆبی کوردی لەتاراوگە لەنێوان خەون و ڕاستیدا هەروا بێ ئامانج و پەرتەوازە دەمێنێتەوە.
هەر کوردێکی تاراوگەش هەرچەندە لە دەزگایەکی گرنگی بیانیشدا کاربکات، بەڵام بەبێ ڕێکخستن و هۆشیاری نەتەوەیی و هەروەها بەبێ دوورکەوتنەوەی لە خۆدەرخستن و بەرژەوەندی تایبەتی، نە دەبێتە پشتیوانی دۆزی کورد و بۆ لۆبی کوردیش ئەوانە بەهەند وەرناگیرێن.
جێی ئاماژە پێکردنیشە کە چەندین کەسایەتی سەربەخۆی ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و هەندێك کادێری حیزبی و ڕێکخراوی کوردی، کەرەسە و پێداویستی پێکهێنانی لۆبی کوردین. ئەگەریش وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە کە دەڵێت: ئەرێ لۆبی کورد لە دەرەوە هەیە یان نا؟ ئەوا وەڵامەکەی بەلای منەوە دوو لایەنە! لۆبی کوردی هەیە ئەگەر بڕوانینە ئەو هەموو تێکۆشەرەی بەنووسین و ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر لەدەرەوە خەبات دەکەن، بزووتنەوەی بەرەو ریفراندۆم و خۆپیشاندانەکانی دژ بەلەشکرکێشی تورکیا و هەروەها هەولەکان بۆ بەجیهانیکردنی جینۆسایدی نەتەوەکەمان و ناساندی دۆزی کورد و چەندین کاری پیرۆزی تریش بەڵگەی زیندووی ئەو لۆبییەن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەتوانین بڵێین کە لۆبی کوردی نییە! لەکاتێکدا دەزگایەك یان گروپێك بیرمەند بەشێوەیەکی ڕێکخراو لەپشت بەڕێوەبردن و بەرەو ئامانج بردنی ئەم کارانەوە نین، هەروەها خەمساردی و بێ بەرنامەیی حیزب و حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم مەسەلە گرنگە، لایەنێکی لاوازی تری نەبوونی لۆبییە. بارودۆخی ئەوروپا و ئەمریکا لەبار و سازن، گەلی کوردستان خاوەنی مەسەلەیەکی دادپەروەر و ڕەوایە، ئەگەر مەبەست لە لۆبی کوردی یەکگرتوو بێت نەك لۆبی حیزبی، ئەوا پێم وایە سەرکردایەتی کورد دەکرێت باشتر سوود لەم هەل و بارودۆخەکە وەربگرێت.
ئەرکی نەتەوەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پارتەکوردستانییەکانە، لەپێناو ڕەگ داکوتانی لۆبی کورد لەتاراوگە پشتگیریی ڕاستەقینەی سیاسی و ئابووری لە ڕۆشنبیر و بیرمەند و ڕێکخراوە کوردییەکان بکەن.
پارتە کوردستانییەکان نوێنەرایەتی سیاسی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەمانن، مافی هەریەکەیانە پەیوەندی خۆیان بەجیهانی دەرەوە گرێ بدەن. هەر یەکەیان بەشی ژنان و لاوانی تایبەت بەپارتەکەی دابمەزرێنێت، بەڵام پێویستە ناونیشانی ڕێکخراوی سەربەخۆ یان سەرتاسەری کوردستانی بۆ هەڵبژاردن و بڕیاری جەماوەر بهێڵنەوە. هەروەها ئەگەر بیانەوێت هاوکاری بەهێزبوونی لۆبی کوردی بکەن، دەبێت پارتەکانی باشووری کوردستان بەیەکگرتوویی وەك نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم کار بکەن و حیزبی پارچەکانی تری کوردستانیش لە ژێر چەتری کۆمیتەی هاوکاری کۆببنەوە.
دیالۆگێکی هەمەلایەنە و فراوان، بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەربارەی لۆبی کوردی ئەرکێکی هەنووکەیی بیرمەند و ڕۆشنبیرەکانی کوردە، لە پێناو تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ بنەماکانی لۆبی کوردی، نوسین و ئاڵوگۆڕی بیروڕا ئامانجی سەرەکی ئەم نوسینەیە.
خاڵبەندی هەندێك تێڕوانینی سەرەتایی کەئەکرێت دامەزراوەیەکی تایبەت لەپێناو زەمینەخۆشکردن بۆ لۆبی کورد لە تاراوگە کاریان بۆ بکات، پێم وایە ئەمانەی خوارەوەن:

1. هاندانی کوردستانیان بۆ فێربوونی زمان و کلتور و یاسای ئەو وولاتانەی تێیدا دەژین و هەروەها هاندانیان بۆ پاراستنی لایەنە باشەکانی کولتوری کوردستانیشمان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

2. هاندان و پشتیوانیکردنی کوردستانیان بۆ خوێندن و بەدەستهێنانی بڕوانامەی باڵا لە هەموو بوارە جیاکانی زانستدا.
3. هاندان و پشتیوانیکردنی کوردستانیان بۆ خوێندنەوە و گەشەکردنی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و ڕۆشنبیری، بەشێوەیەکی کوردستانی پێشکەوتوخواز و مرۆڤدۆست، دوور لە توندوتیژی و ڕەگەزپەرستی.
4. کارکردن بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی نوێنەرایەتی کورد لەتاراوگە لە ڕێی دەنگدانی ڕاستەوخۆوە، لەهەر وولاتێك یەك ڕێکخراوی سەرتاسەری، لە هەر وولاتێکدا یەك ڕێکخراوی لاوان، خوێندکاران و ژنان دابمەزرێت، لە هەر شارەوانییەك یەك کۆمەڵەی کلتووری کوردی هەبێت و لەپاشان پێکەوە گرێ بدرێن لەژێر چەتری فیدراسۆنێکی یەکگرتوودا.
5. بەهێزکردنی پەیوەندی لەنێوان ڕێکخراوە کوردییەکان لە کوردستان و دەرەوەی وولات، بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی لاوان و خوێندکاران.
6. کاری ڕێکخراوەیی وەك چۆن نابێت بکرێتە پاشکۆی هیچ پارتێکی سیاسی، بە هەمان شێوەش نابێت دژ پارتە سیاسییە کوردستانییەکان کار بکات، ڕەخنە دەبێت شێوازێکی مۆدێرنی هەبێت و بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی بەکار بێت.
7. دروستکردنی پەیوەندی لە گەڵ ڕێکخراو، پارتی سیاسی، کەسایەتییەناودارەکان لەبواری ڕامیاری، هونەری، نوسین، سینەما، شانۆ، تیڤیٚ، وەرزشەوان، ڕۆژنامەوان.
8. هەوڵدان بۆ کارکردن لە ناو مێدیا، ڕێکخراو، پارتی سیاسی، دام و دەزگاکانی دەوڵەت و بنکە ئابوورییەکان.
9. هاندانی کوردستانیان بۆ چالاکی و دڵسۆزی کارکردن لە ناو ئەو ڕێکخراو و پارتی سیاسی و شوێنانەی کاری تێدا دەکەن، بەشێوەیەك بەرژەوەندی ئەو وولاتەی تێیدا دەژین ڕەچاوی بکەن و لە هەمان کاتیشدا بۆ بزووتنەوەی ئازادیخوازی نەتەوەکەمان پێشمەرگانە تێبکۆشێت.
10. هاندانی کوردستانیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و پارلەمانی ئەو وولاتانەی تێیدا دەژین و هەروەها کاندید کردنی کوردی بەتوانا بۆ هەڵبژاردنەکان وپشتیوانیکردنیان.
11. کارکردن بۆ دامەزراندنی پردی ڕۆشنبیری و جەماوەری و پڕۆژەی دارایی، لە نێوان کوردستان و ئەو وولاتانەی تێیدا دەژین.
12. کردنەوەی چەند ئۆفیسێکی گەشت و گوزار لە نێوان کوردستان ودەرەوە.
13. هەوڵدان لەپێناو جێگەی خۆکردنەوە لە ماس مێدیا و سینەمای جیهانی، کارکردن بۆ گرێبەستێکی سینەمایی لەناو هۆلیود بۆ نمونە، بۆ دەرهێنانی هەندێك فلیمی دیکۆمێنتی لەسەر دۆزی کورد بەگشتی و داستانەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و ناساندی مێژوو، کلتوور، سروشت و جینۆسایدی کورد بەتایبەتی.

idris. sabir. aziz@gmail. com

تێبینی/ ئەم نوسینە پێشتر لە ناوەڕاستی مانگی ئۆکتۆبەر، لەماڵپەڕی سبەی بڵاوکراوەتەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.